# ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە وەسوەسە

[ کردي – کوردی – kurdish ]


ئامادەکردنی : باوکی ئەیوب

سەرچاوە: سایتی بەهەشت

www.ba8.org

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز



٢٠١٠ - ١٤٣١

islamhouse.com

# ﴿ طرق النجاة من الوسوسة ﴾

« باللغة الكوردية »

إعداد : أبو أيوب

المصدر: موقع الجنة ( بەهەشت )
www.ba8.org

مراجعة : بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ڕێگاكانی ڕزگاربوون له وەسوەسه

وەرگێڕانی: باوکی ئەیوب

الحمد لله وحده ، والصلاة والسلام على من لا نبي بعده ، وبعد :

بەڕاستی وەسوەسە لە نەخۆشیە ترسناك و بەڵا گەورەكانە كە لەم سەردەمەدا بڵاوبووەتەوە.

وەسوەسە : بریتییە لە هەندێك ختورەی خراپ كە شەیتان دەیخاتە نێو دڵی نەوەكانی ئادەمەوە .

ئەو وەسوەسانەی كە لە بواری بیروباوەڕەوە دێت ئەوەیە :

ئایە خوا هەیە ؟ كێ خوای دروستكردوە؟

وە لە پەرستشەكانیش درووست دەبێت چی لە نوێژ یان لە دەست نوێژدا ، وە لە ترسان لە نەخۆشیەكان و پێشبینی ڕوودانی و بیركردنەوە تێیدا ، وە لە بەرامبەر بە خێزانیش دروست دەبێت ، ئایە خێزانەكەم داوێنپاكە یان نا ؟

وە بە دڵنیاییەوە وەسوەسە كردن زاڵ بووە بەسەر هەندێك لەو دەروون لاواز و بێدەسەڵاتانەدا هەتاوەكو هەندێك لە خەڵكی بیر لە خۆكوشتن دەكاتەوە بەهۆی ئەو دڵتەنگی و بێتاقەتی وخەمبارییەی كە لە ناخی خۆیدا هەستی پێدەكات وە لەوانەیە هەندێك لەو وەسوەسانەی توشی بووە عقوبە و تۆڵە سەندنەوەیەك بێت لەلایەن خوای گەورەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت : [ **وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنكاً** ] ( طه : ١٢٤ ) واتە :ئەو كەسەی كە پشت لە قورئانەكەم دەكات ئەوە ژیانێكی تەنگ وناڕەحەتی هەیە.

وە هەندێ جاریش دەبێت بە تاقی کردنەوەیەك لە لایەن خوای گەورەوە بۆ بەندەکانی بۆ ئەوەی لە تاوانەکانی خۆشبێت و تاوانەکانی لەسەر بسڕێتەوە.

پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : هیچ موسڵمانێك نیە هیلاکیەك یان نەخۆشیەك یان بێتاقەتی یان ناڕەحەتیەك یان ئازارێك یان خەفەتێك هەتاکو دڕکێك ئازاری بدات وتووشی ببێت ئیللا خوای گەورە بەهۆیەوە لە تاوانەکانی خۆش دەبێت.

بەم کردەوانە خۆت لە وەسوەسە ڕزگاربکە

**یەکەم :پەناگرتن بە خوای گەورە:**

خوای گەورە دەفەرمووێت : [ **وَإِمَّا يَنزَغَنَّكَ مِنْ الشَّيْطَانِ نَزْغٌ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ** ] واتە :هەرکاتێکیش لەشەیتانەوە وەسوەسەیەکت بە دڵا هات وهەڵی نایت بۆ کردنی کارێکی ناشەرعی وحەرام تۆش پەنا هەر بەخوا بگرە چونکە ئەو بیسەر و زانایە.

جا ئەگەر شەیتان بەوەسوەسە و فێڵەکانیەوە هات بۆ لات ئەوا تۆپەنا بگرە بە خوا و داوای یارمەتی لێ بکە ئەویش بە ویستی خۆی دەتپارێزێت .

**دووەم :تێکۆشان و کۆڵنەدان**

واجبە لەسەر موسڵمان کە تێبکۆشێت بۆ نەهێشتنی وەسوەسەکانی شەیتان و ڕێگری لێ بکات بە گوێرەی توانا و گوێی پێ نەدات.

هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) شتێکیان هەستپێ دەکرد لەسنگیان یان لەناخیانەوە لە وەسوەسە و دوودڵی شەیتان خستیانە ڕوو بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ئەویش (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی : شەیتان دێت بۆ لای یەکێك لە ئێوە و پێی دەڵێت : کێ ئەمە و ئەوەی دروست کردووە ؟ هەتاوەکو پێی دەڵێت : کێ پەروەردگارتی دروست کردووە ؟ جا ئەگەر گەیشت بەوە با پەنا بەخوا بگرێت. متفق عليه.

## سێیەم:پشت بەستن بە خوای گەورە:

وە لە گەورەترین هۆکارەکانی دوورخستنەوەی وەسوەسە و غەم و پەژارەکان :بە چاکی پشت بەستنە بەخوای گەورە.

خوای گەورە دەفەرموێت :[ **وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْبُهُ**] واتە :هەر کەسێك پشت بەخوا ببەستێت ئەوە خوای بەسە و کاروباری بۆ ئاسان دەکات .

جا ئەو کەسەی پشتی بەخوا بەستووە خەم وپەژارەکانی کاری تێناکەن وە ڕووداوەکان بێزار و بێتاقەتی ناکەن چونکە دەزانێت وەسوەسە و غەم و پەژارە لە لاوازی نەفسیەت و دەروونە.

## چوارەم :خوێندنەوەی قورئان:

خوای گەورە دەفەرمووێت:[ **وَنُنَزِّلُ مِنْ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ** ] واتە :ئێمە لەم قورئانەدا گەلێ ئایەت و سورەت دادەبەزێنین کە مایەی شیفا و چاکبوونەوەیە لە نەخۆشی ونەفامی وگومڕایی، وە ڕەحمەت و بەزەییشە بۆخەڵکانی پڕوادار.

جائەو شیفایەی کە قورئان لەخۆی گرتووە و زامنی کردووە گشتیە بۆچارەسەر ی دڵەکان لە گومانەکان و نەفامی و بۆچوونە گەندەڵەکان و لادانە خراپەکان ومەبەستە پیسەکان . جا قورئان (علمی یەقین)ی لە خۆ گرتووە کە بە هۆیەوە گومانەکان و نەگبەتیەکان لەناو دەچن ، وە ئامۆژگاری و بیرهێنەرەوەکانی لە خۆ گرتووە کە بە هۆیەوە هەموو ئارەزوویەك لەناو دەبات کە سەرپێچی فەرمانی خوا دەکات.

جا قورئان شیفایە بۆ ئەوەی لە سینگدایە لە نەخۆشی گومان و ئارەزووەکان ( الشهوات والشبهات ) ، بە تایبەتی سورەتی ( البقرة ) لەبەر ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم کە دەفەرمووێت:[ماڵەکانتان مەکەن بە گۆرستان چونکە شەیتان لەو ماڵانە هەڵدێت کە سورەتی (البقرة) ی تێدا دەخوێنرێت ] رواه مسلم.

**پێنجەم :باوەڕبوون بە خوا و ئەنجامدانی کردەوەی چاك:**

خوای گەورە دە فەرمووێت:[ **مَنْ عَمِلَ صَالِحاً مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ** ] واتە : هەرکەسێك –لە نێر یان مێ – هەر کارێکی چاکە ئەنجام بدات و باوەڕداریش بێت ، بەڵێن بێت بیژێنین بە ژیانێکی بەختەوەر و بە چاکترین لەوەی کردوویانە پاداشتیان بدەینەوە.

وە سەری ئەم کردەوانە لەدوای یەکتاپەرستی خوا : نوێژکردنە کە ڕێگای تۆیە بۆ پشوو و حەوانەوەی ناخ وجەستە، وە هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دوورخستنەوەی وەسوەسە ، وە نوێژ ئارامی بەدەست دەهێنێت ، وە پاڵنەری خەم و بێتاقەتیەکانە.

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بە بیلالی حەبەشی دەفەرموو : ئەی بیلال ئاسوودەمان بکە بە نوێژ.

وە نوێژ ئۆقرەیی چاوەکانی پێغەمبەر بووە (صلى الله عليه وسلم)  وە ئەگەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناڕەحەتیەکی بەسەردا بهاتبایە پەنای دەبردە بەر نوێژکردن .

**شەشەم:یادی خوای گەورە:**

خوای گەورە دەفەرمووێت:[ **فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ** ] واتە : ئێوەی موسڵمان یادی من بکەن منیش یادی ئێوە دەکەم.

وە خوای گەورە لەسەر زمانی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) لەفەرمودەیەکی قودسیدا دەفەرمووێت" : أنا عند ظن عبد بي ، وأنا حين يذكرني . "

وە پێغەمبەریش : (صلى الله عليه وسلم) دەفەرمووێت: نمونەی ئەوکەسەی یادی خوای گەورە دەکات وە نمونەی ئەوکەسەی یادی خوا ناکات نمونەی زیندوو و مردووە.

وە ئەگەر بەندەیەك یادی خوا نەکات دڵی دەبێتە شوێنی کۆبوونەوەی شەیتانەکان و وەسوەسەکانیان.

بەڵام ئەو بەندەی یادی خوا دەکات دەیبینیت سینگی فراوانە دەروونی پاکە ئارامی ورەحمەت دەیگرێتەوە.

وە هەندێك لەو یاد و زیکرانەش : زیکرەکانی ( بەیانیان وئیواران ) و کاتی خەوتن و چوونە ماڵ و لە ماڵ دەرچوون ، ... هتد ، کە قەڵایەکی پارێزەرن مرۆڤی باوەڕدار دەپارێزن لە شەیتان و وەسوەسەکانی بە ویستی خوای گەورە .

جا پێویستە لەسەر موسڵمانان پارێزگاری لە ویرد و زیکرە شەرعیەکان بکەن چونکە خراپە دوور دەخەنەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

**حەوتەم : هاورێیەتی کەسانی چاك و دوورکەوتنەوە لە تەنهایی:**

هاورێیەتی کەسانی چاك ئەوانەن کە ئەو کەسانەی لەگەڵیاندا دادەنیشن و هەڵسوکەوت دەکەن بە هۆیانەوە تاوانبار و بەدبەخت نابن ، وە ئەوانە لە گرنگترین هۆکارەکانن کە وەسوەسەکانی شەیتان پاڵدەنەن وە بەرگری لێدەکەن وە ڕەت وبەرپەرچ دانەوەی فێڵەکەی دەبێت و ڕوبەڕووی دەبێتەوە.

وە دژی هاورێیەتی تەنهاییە گۆشەگیریە کە وەسوەسەکانی شەیتان و لە خشتەبردن وسینگ توندی و بێ ئارامی و بیرکردنەوە خراپەکان ڕادەکێشێت ، وە گورگ زیاتر بە مەڕێك دەوێرێت کە بە تەنها بێت.

**هەشتەم :پاڕانەوە:**

پاڕانەوە لە گەورەترین هۆکارەکانی دوورخستنەوەی وەسوەسەیە پێش ڕوودانی ، وە لابردنی پاش ڕوودانی،  ئەو کەسەی کەوتۆتە ناو وەسوەسەوە لەناوخەم وخەفەتێکی گەورەدایە ، وە لە ناو بێتاقەتی وپەژارەیەکەوە کەس نازانێت ئیللاخوای گەورە نەبێت.

بە هۆی ئەو وەسوەسەیەی شەیتانەوە کە دابەزیوەتە سەر کەسی تووشبوو لەوکاتەدا هەموو ڕێگاکان بە ڕوویدا دادەخرێن ، تەنها ڕێگایەك نەبێت ئەوەش ڕێگای خوایە، کە تەنها خۆی بە تەنهایی بە توانایە لە لادانی خەفەت وغەمەکان ولادان ونەمانی پەژارە و ناڕەحەتیەکان.

خوای گەورە دەفەرموویت :[ **أَمَّنْ يُجِيبُ الْمُضطَرَّ إِذَا دَعَاهُ وَيَكْشِفُ السُّوءَ** ] واتە :ئاخۆ کێیە وەڵامی هاوار و نزای لێقەوماو و داماوەکان دەداتەوە کاتێك کە داوای بەهانا هاتنی لێ بکا و هانای بۆ ببات.

وە لەو پاڕانەوە و ویردانەی کە خەم و خەفەت لا دەبەن بە ویستی خوای گەورە

(1) (لا إله إلا الله العظيم الحليم، لا إله إلا الله رب العرش العظيم، لا إله إلا الله رب السموات ورب الأرض ورب العرش الكريم).

(2) ( لا إله إلا أنت سبحانك إني كنت من الظالمين ) .

(3) پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی : ((ما أصابَ أحداً هَمٌّ ولا حَزَنٌ فقال :اللهُمَّ إنِّي عَبْدُكَ ، وابنُ عَبْدِكَ ، وابنُ أَمَتِكَ ، ناصِيَتِي بِيَدِكَ ، مَاضٍ فِيَّ حُكْمُكَ ، عَدْلٌ فِيَّ قَضاؤُكَ ، أسأَلُكَ بِكُلِّ اسْمٍ هُوَ لَكَ ، سَمَّيْتَ بِهِ نَفْسَكَ ، أوْ عَلَّمْتَهُ أحَداً مِنْ خَلْقِكَ ، أوْ أنْزَلَتَهُ في كِتَابِكَ ، أوْ اسْتَأْثَرْتَ في عِلْمِ الغَيْبِ عِنْدَكَ ، أنْ تَجْعَلَ القُرْآنَ رَبِيعَ قَلْبِي وَنُورَ صَدْرِي وَجَلاءَ حُزْنِي وَذَهَابَ هَمِّي .إلاَّ أَذْهَبَ اللهُ هَمَّهُ وحُزْنَهُ وأبْدَلَهُ مَكانَهُ فَرَجاً)).

واتە : هەرکەسێك غەم و پەژارە و ناڕەحەتییەکی تووش ببێت و بڵێت:خوایە من بەندەی تۆم ، و کوری پیاوێکم کە بەندەی تۆیە ، و کوری ئافرەتێکم کە بەندەی تۆیە ، پێشەسەرم لە دەستی تۆدایە ، حوکمی تۆ بەسەرمدا پەیڕەوکراوە ، بڕیاری تۆ بەسەرمدا ڕاست و دادپەروەرانەیە ، داوات لێدەکەم بە هەموو ناوێك کە ناوی خۆتت پێناوە ، یان فێری کەسێکت کردووە لە دروستکراوەکانت ، یان داتبەزاندووە لە کتێبەکەتدا ، یان تایبەتت کردووە بە خۆتەوە لە زانستی غەیبدا لای خۆت ، کەوا قورئان بکەیت بە بەهاری دڵم و ڕووناکی سێنگم و هەڵگری پەژارەم و لابەری غەمم .ئیللا خوا غەم و پەژارەی لادەبات و لە جێی ئەوەدا دەیگۆڕێتەوە بە دڵا فراوانی.صحيح رواهُ أحمد رقم : (١ / ٣٩١) ، صححهُ الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٩٩).

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته .